

# "خەندە کوژرا یان خۆی کوشت؟

## (س) دەڵێت" ئەو لەسەر من نەکوژراوە راستی یەك لای من هەیە بیشیلێم سودی نیە"

**هانا شوان**

لەوانەیە دوا خەندەی خەندە بەر لە کوشتنی بۆ هیوایەك بوبێت، یان وەك کچێکی ئەو شارە بۆ خۆشەویستێك بوبێت ، بەڵام ئەو لە بەهاری تەمەنیدا نەیدەزانی بەرگەی فشارو درۆو کوت و عەقڵیەتی عەشاریی و دوو روویی کەسەکان و خەسڵەتە ناشرینەکانی تری ئەم کۆمەڵگایە ناگرێت ،ئەو باجی سەرکەشی و خۆش باوەری و وەهمێك کە پێی دوترا خۆشەویستی دا، بەڵام باجێکی قورس کە بوونی ئەو بوو.

ئەو وەك دەڵێن باوکی کوشتی و بەوەش خەندەی لەچەند خێزانێك و ژمارەیەکیش لەو کچ و کورە گەنجانەی کە بەهیوان بەخۆشەویستی بەیەك بگەن تاراند، ئەو لەرۆژێکی مانگی ئەیلول دا هیواکانی بۆ ژیانێك بنیاد نا کە لەگەڵ (س)ی خۆشەویستی پێکەوە کۆیان بکاتەوە نا ئاگا لەوەی چەند فیشەکێك ژیانی ئەوو هیواو خەونەکانی لەناو دەبات.

"خەندە خوێندکاری پۆلی سێهەمی دوا ناوەندی پیشەسازی کچان بوو، کچێك بوو ماوەیەك دەم بەخەندەو ماوەیەکیش خەمێکی قوڵ دەیبردەوە نازانم بۆ". ئەوە قسەی کیژێکی هاوڕێی خەندە بوو، ئەو خەندەیەی کە لەماڵەکەی خۆیاندا کوژراو لەگەڵ کوشتنی ئەودا باوکی هەڵات و پاش وەرگرتنی ئیفادەی دایکیشی لەلایەن پۆلیسەوە (س) کە کورێکی دراوسێیانە دەستگیرکرا .

بەپێی ئەو ئیفادەیەی دایکی خەندە داویەتی، خەندە بەهۆی ئەو کێشەیەوە کە لەگەڵ (س) هەیبوە کوژراوە، هاوکات واش بڵاوبۆوە کە باوکی کوشتویەتی.

(تەها سیدعەلی) ئەفسەری بنکەی پۆلیسی رزگاری کە رووداوەکە لەسنوری بنکەکەی ئەودا روویداوە دەڵێت"رۆژی روداوەکە گەیشتینە ماڵی کوژراوەکە، پۆلیسی فریاکەوتن لەوێ بو لە ژوری دوای چێشتخانەی ماڵەکە بەتانیەك درابوو بە کچێکی کوژراودا ". ئەو ئەفسەرەی بنکەی پۆلیسی رزگاری ئاماژە بەوە دەدات کە لەساتی رووداوەکەوە لێکۆڵینەوە دەستی پێکردو ئیفادەی زۆر کەس وەرگیراوە، لەوانە دایکی خەندە کەلە ئیفادەکەیدا ووتویەتی" چاوم لێ نەبوو کێ کوشتویەتی، بەڵام لەسەر (س) کوژراوە" .(س) کورێکی دراوسێی ماڵی خەندەیە، ئەو کورەیە کە وابڵاوبۆوە پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە لەگەڵ خەندەدا، کە باوکی کچەکەش بەو پەیوەندیەی زانیوە کچەکەی خۆی کوشتوە، دایکی خەندە لەلای دادوەر ئیفادە دەگۆڕێت و جیاواز لە ئیفادەی یەکەمی کە لەلای پۆلیس داویەتیو لە ئیفادەی دووەمدا دەڵێت "خۆی خۆی کوشتوە" بەڵام خوشکی براژنی خەندە شایەدی ئەوە دەدەن کە خۆی خۆی کوشتوەولە ئیفادەیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە بەهۆی کێشەیەکەوە لەگەڵ (س) ١٥شەو بەر لەرووداوەکە ویستویەتی خۆی بسوتێنێ و فریای کەوتون، ئەو ئیفادە گۆرینە لە کاتێکدایە کە باوکی خەندە هەڵاتووە لەوانەشە گۆرینی ئیفادەکان بە قازانجی باوکەکە بێت بۆ ئەوەی بێتاوان لەمەسەلەکە دەربچێت، لەبەرەوپێش چونی رووداوەکاندا پۆلیس ئەو کورە دەستگیر دەکات کە لایەنی دووەمی ئەو پەیوەندیەیە خەندەی کردە قوربانی ئەویش لە ئیفادەکەیدادەڵێت" پەیوەندیمان هەبوە بەڵام نەك پەیوەندیەکی جنسی" بێگومان بون و نەبونی پەیوەندیەکی جنسی و لە حاڵەتی کوژراندا پزیشکی دادوەری یەکلایی دەکاتەوە.کەسێك لە بنەماڵەی خەندە وتی"ئەوان پەیوەندیان هەبوە و کورەکە داوای کردوەو باوکی نەیداوەتێ، لەناچاریا وایان بەباش زانیوە کە لە دەستدانی پەردەی کچێنی خەندە هۆکارێك بێت بۆ رەزامەندی باوکی و بە هاوسەر بوونیان بەڵام هەر رازی نەبوو بۆیە کورەکە ژنی هێنا".

رووداوەکان رەوتێکی ترسناك وەردەگرن پێداگیری باوکی خەندە لەسەر هەڵوێستی خۆی لەلایەك و پێداگیری خەندەو (س) لە لایەکی دی وادەکات(س) ژن بهێنێت و بیسەلمێنێ کەئەگەر باوکی خەندە ژنی ناداتێ ئەوا خەڵکی تر هەن ژنی بدەنێ، کەسێك لەبنەماڵەکەیان دەڵێت" دوای ئەوەش ڕێکەوتن ووتیان ژنەکە تەڵاق بدەو خەندە مارە بکە، ئەوەش چەند سەرۆك عەشیرەتێك و بریاریان لەسەرداوە، هەردوو بنەماڵەکەش ڕێکەوتن بەڵام خەندە کوژرا".

خەندە کوژرا یان خۆی کوشت؟ تەها سید علی دەڵێت" یان خۆی کوشتوە، یان لە نزیکەوە فیشەکی پێوەنراوە چونکە (وەشمی بارودی هەیە) و راپۆرتی پزیشکی دادوەری سەلماندویەتی کە کچ نیە"(وەشمی بارودی) لە لێکۆڵینەوەی تاواندا پێناسە کراوە بەوەی کە ئەو بازنە سوتاویەیە کە لەسەر پێستی کوژراوێك دروست دەبێت کەلە نزیکەوە فیشەکی بەردەکەوێت و ئەوبازنەیە بەدەوری کونی چونە ژورەوەی فیشەکە دروست دەبێت.

(س) لە زینداندایە و کەسێك کە لەهەمان زینداندا ئەوی بینیوە دەڵێت"زۆربەی کات ئەو دەگری و بێدەنگە" .

(س) ئەو کورەی کە دەووترێت خەندەی لەسەر کوژراوە کورێکی باڵا مام ناوەندە بەر لە هەر رستەیەك بە قوڵی بیری دەکردەوەو پێڵوی چاوەکانیشی سوور بوون پێدەچوو نەخەوتن، یان گریان هۆکاری ئەوە بێت "خۆم خۆم تەسلیم کردوەو هیچ پەیوەندیەکیشم لەگەڵ خەندە نەبووە". ئەو بەردەوام نکوڵی لەوە دەکرد کە خەندەی خۆش ویستبێت بەڵام ئامادەش بوە مارەی بکات کە دەڵێت " ئەو رۆژەی کوژرا بریار بوو مارەی بکەم چەند سەعاتێك بەر لەوە کوژرا" .

بێگومان لای خوێنەر ئەو پرسیارە دروست دەبێت چۆن کورێك بریاری ئەوە دەدات کچێك مارە بکات، ئەگەر ئەوان مەسەلەیەك بە یەکیەوە گرێی نەداون؟، (س) دەڵێت"چەند سەرۆك عەشیرەتێك بریاریان دا مارەی بکەم من هەرچەندە خۆشم نەویستوە مەجبور بوم مارەی بکەم"، ئەو لەنێوان هەر رستەیەك و رستەیەکی دی بێدەنگیەکی قوڵ دایدەگرت و رستە بچربچرەکانی بۆ کۆنەدەکرایەوە، بۆیە زۆرجار بۆ وەڵامەکانی (نازانم) یان (بێدەنگی ) هەڵدەبژارد.

لەسەروبەندی کوشتنی خەندەدا تەقە لە کۆمپانیای ماڵی (س) دەکرێت، بێگومان کەس و کاری خەندە تاوانبار دەکرێن، بەڵام کەس و کاری (س) لەرووی یاساییەوە تەنازولیان بۆ دەکەن، بێدەنگی (س) پرسیارو گومانەکان زۆر دەکەن " من ئامادە بوم مارەی بکەم دەزگیرانی خۆشم هەبوو، ئەو لەسەر من نەکوژراوە راستییەك لای من هەیە بیشیلێم سودی نیە" .

خەندە کوژراو باوکی هەڵاتووە (س) لە زینداندایە، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە کوشتنەکەی خەندەش سولحی لەسەر کرابێت، بۆ ئەوەی ئەویش وەك چەندەها ژنی کوژراوی تر یاسا دەستەوەستان بێت، لەبەردەم کوشتنەکەیدا، کەسێکی نزیکی ئاگادار لەسولحەکە ووتی"کەسایەتیەکی ناسراو کە پێگەیەکی حزبیشی هەیە سولحەکەی کردوە بۆ ئەوەی وەك ئەو کەسایەتیە ووتویەتی چیتر خوێن نەرژێ و گەر ئەو سولحە نەکرایە کێشەکە قوڵتر دەبوو" بەپێی سولحەکەش دەبێت(س) دوربکەوێتەوەو لەسلێمانی نەژیو بێگومان بۆ بەرێوەچوونی سولحەکە، بڕێك پارە دەدرێتە ماڵی خەندە.

تەها سید علی هاوسۆزانە لەگەڵ خەندەو کاریگەر بە رووداوەکە ووتی"کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووەو ئەو کوشتنەی نەدەهێنا"و(س)یش دەیوت "گەر لەسەرەتاوە یاسا مەسەلەکانی یەکلایی بکردایەتەوە وامان لێبەسەر نەدەهات".

---

وێنەکە لەسایتی خۆزگەوە وەرگیراوە.

# باوکیان دەکوژنو پەشیمانیش نین لەکوشتنی

# ئامانج "هەمیشە شوشەو خوێنو نانی تیری لە سەر سفرەی ئێمە تێکەڵ دەبون"

**ئا/ ڕێوان**

٥ مانگ پێش ئێستا لاشەی پیاوێك بەناوی ئەحمەد، لەنزیك کارگەی چیمەنتۆ لەتاسلۆجە دۆزرایەوەو چەند فیشەکێکیش بەجەستەیەوە دیاربوو، لەسەروبەندی روداوەکە دووان لەکوڕەکانی ئەحمەد دان بەکوشتنی باوکیاندا دەنێن، دەرئەنجام هەر سێ کوڕی ئەحمەدو ژنەکەی دەستگیر دەکرێن.

ئەحمەدی تەمەن ٣٠ ساڵ شۆفێری تەکیسی بوو، بەو تەکسیەی بژێوی ژیانی خۆیو خێزانەکەی دابین دەکرد، بەشی زۆری دەستکەوتەکەی بەقسەی منداڵەکانی بۆ مەیخواردنەوە بوو. ناوبراو خاوەنی چوار کوڕ بوو، گەورەکەیان دارای تەمەن ١٥ ساڵەو ئامانج ١٣ ساڵە، ئاسۆ ١٢ ساڵە، بچوکەکەشیان کە کامەرانەو تەمەنی ٨ ساڵە.

لەلێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیسدا داراو ئاسۆ دان بەتاوانەکەیاندا دەنێن، دادوەر بەپێی ماددەی ٤٠٦و کوشتنی ی.س عێراقی داراو ئامانجو ئاسۆ تەوقیف دەکات، ئێستاش لە ژێر لێکۆڵینەوەدان لەخانەی تێبینی نەوجەوانن لەسلێمانی. هەروەها روناکی تەمەن ٤٠ ساڵی دایکیشیان بەپێی ماددەی ٤٢٠ ی.س عێراقی کە تایبەتە بە شاردنەوەی لاشەی کوژراو، تۆمەتبار دەکرێتو لە بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی تەوقیف دەکرێت. لێکۆڵینەوەش لەروداوەکە تاکو ئێستا بەردەوامە. سەرگوزشتەی ئەم خێزانە لەگەڵ باوکیان ئاوێتەیە لەرۆژگاری پڕ ناسۆرو توندوتیژی، دارا بەبڕوابوون بەسودمەندی ئەو کارەی کردویەتی دەڵێت "هیچ چارەیەکمان نەمابوو، من نەخشەکەم داڕشتوو ئاسۆش کوشتی".

دارا وا هەست دەکات لەگەڵ خەمدا گەورەبووەو نیگای چاوەکانیو شێوازی قسەکردنی وای پیشاندەدەن کە لەتەمەنی خۆی زۆر گەورەترە، تەنها پاساویش کە دەیهێنێتەوە بۆ ئەم کارەی کە کردوویەتی وەك باسی دەکات زەبرو زەنگی باوکی بووە، کە چیتر نەیانتوانیوە لەو ماڵە پێکەوە بژین، چونکە ئەو پێی وابوو هەموو مەینەتیو ئاژاوەی ماڵەکەیان بەنەمانی باوکی کۆتایی دێت.

ناوبراو کە باسی کوشتنی باوکی دەکرد بەردەوام ئاسودەیی خۆی دەردەبڕێت کە کارێکی باشی کردووە، بۆیە هەمیشە حاڵەتە توندوتیژییەکانی باوکی دەگێڕایەوە، جارناجارێکیش بەنیگەرانییەوە قۆڵی چەپی هەڵدەماڵیو دەیوت "سەیرەکە.. ئەمە جێی چەقۆی باوکمە، کاتێ کە سەرخۆش دەبوو بەئێمەوە دەیگرت".

بێئومێدی بەگۆڕانی باوکی وا لەدارا دەکات ئەم کارە ئەنجام بدات بەجۆرێك رق تەنگی پێهەڵدەچنێت هەتاکو پاش زیندانی کردنیشی ئەو سورە لەسەر کردەوەکەی کە کردوویەتیو پەشیمانیش نیە.

سەرخۆشی بەردەوامی ئەحمەدو توندوتیژی لەگەڵ ژنەکەی بەجۆرێك منداڵەکان وەڕس دەکات تەنانەت لەناو خەڵکیشدا هەست بەشەرمەزاری دەکەن، بەڕادەیەك ئەوان وەکو باوك شانازی پێوە ناکەن، دارا دەڵێت "ئابڕوی بردوین، لەناو خەڵکدا بەردەوام سەرخۆش بوو، هەمیشە نانو شەقی دەرخواردی دایکم دەدا".

دارا ئاماژەی بەوە دا کە خودی خۆی نەخشەی کوشتنی باوکی داڕشتووەو بۆ جێبەجێکردنیشی دەمانچەکەی داوەتە دەست ئاسۆ "کاتێك ئاسۆ فیشەکێکی پێوە نا دڵنیا نەبوم کوژرابێت، بۆیە منیش فیشەکێکم پێوەنا".

ئاسۆ منداڵێکی سپی پێستو قژ رەش بوو، شێوەو روخساری لەنێو منالانی زیندان دیاربوو، ناوبراو هاوڕا بوو لەگەڵ بۆچوونەکانی داراو دەیوت "پشێوی ماڵەکەمان بەتەنها باوکم بوو، ئەو ماڵەکەی لێشێواندبووینو زۆر خراپ بوو لەگەڵمان".

بەقسەکانی ئەم سێ منالە دەردەکەوێت خۆشەویستیو هاوسۆزیان لەگەڵ دایکیان، کە بەردەوام بەبەرچاوی ئەوانەوە ئازارو توندوتیژی لەلایەن باوکیانەوە چەشتووە، کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر دەرونیان بوو بێت، بۆیە سەرباری بێتاقەتی خۆیان، خەمی گەورەیان دایکیانە، ئاسۆ دەڵێت "دایکم گوناهەو ئاگای لەهیچ نیە، تەنانەت رۆژی روداوەکەش ئەو دایکمی دەرکردە دەرەوە".

بەگوێرەی قسەی کوڕەکان ئامانج زۆر باوکی خۆشویستووە، دارا دەڵێت "بەهیچ شێوەیەك ئامانجمان ئاگادار نەکردەوە لەنیازی کوشتنی باوکمان، چونکە ئەو باوکمی زۆر خۆشدەویست".

لەگەڵ ئەوەشدا ئامانج دەستخۆشی لەبراکانی دەکات و دەڵێت "دەستیان خۆش بێت. ناوبراو لەگێڕانەوەی یادەوەرییەکانی فرمێسك لەچاوەکانی قەتیس مابوو، کاتێك ئەو شەڕو ئاژاوانەی باوکی بیردەکەوتەوە، تەنانەت کاتی نان خواردنیشیان بەدەر نەبووە لەتوندوتیژی، ئەو دەڵێت "هەمیشە شوشەو خوێنو نانی تیری لە سەر سفرەی ئێمە تێکەڵ دەبون"

روناکی تەمەن ٤٠ ساڵ کە ئێستا بەندکراوە ژنێکی گەنم رەنگو بێدەنگە، ئەو ژنە زۆر هێمنو لەسەرخۆیە، بەروخساریدا دیارە رۆژگار زۆری غەدر لێکردبێت، وەك روناك خۆی دەڵێت "هەر منداڵ بوم بەشوو درام، لە ساڵی ١٩٨٦ دا دوو منداڵم هەبوو، لەناکام مێردەکەم مرد".

روناك پاش مردنی مێردەکەی بەپێی نەریتی باو زۆری لێدەکرێت کە شوبکاتەوە بەکوڕی شوبراکەی کە ٦ ساڵ لەخۆی منالتربووە، ئەگەر نا ئەوە هەردوو منداڵەکەی لێدەسەننەوە.

ناچار بۆ ئەوەی لەمناڵەکانی دانەبڕێت، بەم هاوسەربوونە رازی دەبێت و لەم مێردەشی ٤ کوڕی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا روناك خۆی بەقوربانی دەستی ئەحمەد نەدەزانی، بەڵکو ئەوی بەقوربانی دابونەریتەکە دەزانیو دەیوت "تۆ لەمن گەورەتری، هەمیشە هەستی بەکەمی دەکرد، لەناو هاوڕێکانی دەیوت بۆیە دەخۆمەوە، خۆم هەڵدەخەڵەتێنم".

لەدرێژەی قسەکانی روناك دەردەکەوێت کە هەرگیز ئەو لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، کە منالەکانی باوکیان بکوژن، وە گەر بیشیزانیبایە بەنیازن ئەم کارە بکەن ئەوە هەرگیز ئەو رۆژە نەدەڕۆیشتە دەرەوە. ئێستاش روناك لەدوری منالەکانی زۆر کزو بێتاقەتە، بەردەوام دەڵێت "من لەبەر خاتری ئەوان هەموو شتێکم قبوڵ کرد، ئێستاش کە ئەوان لەزینداندا بن، من چی لەدەرەوە بکەم".

---

تێبینی/

هەموو ئەو ناوانەی بابەتەکە